


**هەڵبژاردنی ئاییندەی کوردستان**
ل٦

**پاشەڕۆی کفری شارێکی لە زبڵدان دروست کردوە**
ل٢



**بەعسییەکان دەیانەوێت خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست، بۆیە هەوڵی لابردنی وشیار زێباری دەدەن**
ل٤


# زەنگ

www.zengkurd.net

یەکەمین هەفتەنامەی ئازادە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی گەرمیاندا

هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت

سالی چوارەم ژمارە (١٢٩)

دووشەممە

٨-٦-٢٠٠٩ز

بەرامبەر١٨ -٣- ٢٧٠٩ ك

دوو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژنامەیەکدا | ٢٥٠ دینارە



خاوەن ئیمتیاز: سامان گەرمیانی

سەرنووسەر: سامان کەریم

جێگری سەرنووسەر: فاتیح سەلام

بەڕێوەبەری نووسین: نیشتمان بێنەوا


## وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراقی:

# هێشتا بەغدا و هەولێر لەسەر نەوت ڕێکنەکەوتوون

## کوردستان لە ڕۆژێکدا شەش ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دۆلار داهاتی نەوتی هەیە

**زەنگ-تایبەت:**

**وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق دەڵێت:"تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوان هەولێر و بەغدادا نییە بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتی کوردستان و هەموو گرێبەستییە نەوتییەکانی کوردستانیش نایاساییە و حکومەتی بەغدا دانی پیادا نانێت".**

عاسم جیهاد وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاند کە بەرپرسانی کوردستان بە ئارەزووی خۆیان تەفسیری دەستووری عێراقی دەکەن، "چونکە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم لەگەڵ هەموو کۆمپانیاکاندا نایاساییە و لە دەستوردا نییە".

لەلایەکی ترەوە، دکتۆر بایەزید حەسەن ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو لێدوانەی وەزارەتی نەوتی عێراقی ڕەتکردەوە و رایگەیاند، وەزارەتی نەوتی عێراقی و خودی شەهرستانی لەماوەی سێ ساڵ زیاتردا نەیانتوانیوە یەک گرێبەستیش ئیمزا بکەن لەبواری نەوتدا. وتیشی:"شەهرستانی سیاسەتی نەوتی عێراقی تێکداوە بۆیە وا دەڵێت، ئەگینا گرێبەستەکانی هەرێم بە پێی ماددەی ١١٢ی دەستوور یاساییە".

هەفتەی رابردوو تاڵەبانی و بارزانی قوفلی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستانیان لە هەولێرەوە کردەوە و ڕۆژانەش لە دوو کێڵگەی نەوتدا ١٠٠ هەزار بەرمیلی نەوتی کوردستان دەنێردرێتە بازاڕەکانی جیهان و پارەکەشی بۆ خەزێنەکەی شەهرستانی دەبێت.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەستی (زەنگ) کەوتوون عێراق لە ڕۆژێکدا، دوو ملیۆن و ٤٠٠ هەزار بەرمیلی نەوت دەنێرێتە دەرەوە. بەوپێیە و بەگوێرەی نرخی بازاڕی نەوتی جیهانی لە ڕۆژێکدا عێراق سەدوشەست و سێ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلارە.

دکتۆر بایەزید حەسەن ئاشکرایکرد کە پلان وایە لە سێ ساڵی داهاتوودا هەناردەی نەوتی کوردستان لە ڕۆژێکدا بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل. بەو پێیە و بەپێی نرخی بازاڕی نەوت. نەوتی کوردستان لە ڕۆژێکدا داهاتەکەی ٦٨ملیۆن دۆلارە.

وتەبێژەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق وتیشی:"هەموو گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم بەبێ پرسی حکومەتی بەغداد ئیمزا کراون، بۆیە نایاسایین".

**لەلاپەڕە ٢ی زەنگ و لاپەڕە ١ی (الناقوس)دا زانیاری زیاتر بڵاوکراوەتەوە**

## سەگ و دووپشک ٤٩ هاووڵاتی دەنێرنە نەخۆشخانەکانی گەرمیان

**زەنگ-نووسینگەی کەلار-بڕیار محەمەد**

لە کەلار و دەوروبەری لە ماوەی یەک مانگدا ٤٩ هاووڵاتی بەهۆی گەستنی سەگ و پێوەدانی دووپشکەوە گەیەنراونەتە نەخۆشخانەکانی کەلار.

سەرچاوەیەک لەبەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار رایگەیاند مانگی ٥ کەسەرتای وەرزی هاوینەوە و گەرما پەرە دەدەسێنێ، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی دووپشک پێوەیا نی داوە.

سەرچاوەکە وتیشی:"لەو مانگەدا جگە لەوەی ٤٠ کەس بەهۆی دووپشک پێوەدانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون، ٩ کەسیش بەهۆی سەگ گەستنەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون".

بەپێی وتەی ئەو سەرچاوەیەی نەخۆشخانەی کەلار، سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەهۆی سەگ و دووپشکەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون چارەسەریان بۆکراوە و هیچ ڕووداوایکی گیان لەدەستدانی لێ نەکەوتۆتەوە.

## لە گەرمیاندا ٤٥٠٠ خێزان کرێچین

**زەنگ-تایبەت:**

**لێپرسراوی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان دەڵێت:"بەپێی ئامار و فۆرمەکانی ئێمە، لە گەرمیاندا ٤٥٠٠ خێزان لە خانووی کرێدان و پێویستیان بەوەیە حکومەت زەویان پێبدات".**

شاخەوان نامیق لێپرسراوی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان ئاماژە بەوە دەکات کە لە سنوری هەولێر و شەقڵاوە، پارتی زەوی بەسەر خێزانی هەژار و کرێنشیندا دابەش کردووە. وتیشی:"بەڵام هەموو ئەو کرێنشینانە پارتی بوون".

بەپێی ئەو ئامارانەی دەستی (زەنگ) کەوتوون، کۆی دانیشتوانی گەرمیان (کەلار، کفری، ڕزگاری) بریتییە لە ٨٦٩٦٨ کەس کە دەکاتە ٣٢٨٨٣ خێزان، بەو پێیەش رێژەی ٦،١٣ی خێزانەکانی گەرمیان کرێچین.

شاخەوان وتیشی:"ئیدارەی گەرمیان بە هاوکاری شارەوانیەکانی گەرمیان وەعدی ئەوەیان داوە کە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری زەوی دابەشکردنی دا ئەوا ئەوانیش هاوکاری ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکەن کە لە گەرمیاندا لە خانووی کرێدان".

**لەلاپەڕە ٣دا زانیاری زیاتر بڵاوکراوەتەوە**

## لەگەرمیان (ئاسک)یان لە سێدارە دا!!



ڕۆژی ٣٠-٤-٢٠٠٩ ناوچەی (داوێ)ی گەرمیان

## "١٠٠% تەزویرات لەهەڵبژاردندا دەکرێت"

**زەنگ-تایبەت:**

**یەکێک لە سەرپەرشتیارانی کاروبارەکانی میحوەری گەرمیانی لیستی (گۆڕان) دەڵێت:"١٠٠% چاوەڕێی ئەوە دەکەین یەکێتی و پارتی تەزویرات لە هەڵبژاردندا بکەن".**

عادل شکور کەسی دیاری نا باڵی ڕیفۆرم و کەسی دووەمی سەرپەرشتیکەری کاروبارەکانی لیستی (گۆڕان)ی نەوشیروان مستەفا لە گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان وەک لیستی گۆڕان هەر لە پاسەوانی بەر دەرگای گردەکەوە تا دەگاتە نەوشیروان پلەو پایەمان دیاری نەکردووە و بەیەکەوە هەڵمەتەکانیان دەست پێدەکەن.

عادل شکور کە جێگری پێشووی بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی بووە، دەڵێت:"مام جەلال بەرپرسیاری یەکەمە لەو وەزعەی ناو یەکێتی و ئەو دەیتوانی کوتلە لەناو یەکێتیدا دروست نەبێت".

عادل شکور ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئێستادا هەر یەک لە عوسمانی حاجی مەحمود، عومەری سەید عەلی، مولازم عومەر، جەلال جەوهەر، قادری حاجی عەلی و سالار عەزیز وەک ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ نەوشیروانن.

**لەلاپەڕە ٤دا گفتوگۆیەک لەگەڵ عادل شکور بڵاوکراوەتەوە**